# Tekoshan

No.134

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course 24th Year Nomber ((134)) 31 of Khakalewa 2708 Kurdish Colemdar falling no 13876 Hijri I Falling 19th Ap 2008



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.khabatmedia.com/radio

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ — ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرك تیلکۆم — ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## تایبەتمەندییەکانی خۆت بە میوە بناسە



دەروونناسەکان لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەریان خستووە کەسایەتی مرۆڤەکان بە جۆری ئەو میوەی کە حەزیان لێیەتی دەناسرێتەوە.

سێو: ئەگەر حەز لەسێو بکەی ئەوە بێ بیرکردنەوە و بە بێ ئەوەی حەزت لێبێت کارەکانت ئەنجامدەدەیت.

پرتقاڵ: کەسێکی بەسەبر و بەتوانایت. حەز دەکەیت لەئەنجامدانی کارەکانتدا لەسەرخۆ بیت و لە هەمان کاتیشدا بە جوانی کارەکانت بەرێوە بەریت، هەروەها کەسێکی شەرمنی و لای دەورووبەرەکانت جێی باوەڕیت.

هەرمێ: ئەگەر هەرمێت پێ خۆش بێ تایبەتمەندییەکەت ئەوەیە کە ئەگەر هەموو هەوڵی خۆت بخەیتە سەر کارێك دەتوانی بە جوانی و سەرکەوتوویی کۆتایی پێ بێنی، هەندێ کات لەئەنجامدانی کارەکانتدا بەردەوام نیت، هەروەها زۆر بە پەرۆشیت بۆ بینینی ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانت.

گێلاس: هەندێ کات لەژیانتا ڕووبەڕووی کەند و کۆسپی دژوار دەبیتەوە، بەردەوام بیر لە بەدەست هێنانی بڕێکی زۆر پارە دەکەیتەوە.

مۆز: کەسێکی میهرەبان، خوێنگەرم و دڵسۆزیت، زۆر کات بێزاریت لەوەی کە زۆر باوەڕت بە خۆت نییە و هەندێك هەستی ترست تێدا بە دی دەکرێت، هەروەها زۆر کات دەورووبەرەکانت کەڵکی نابەجێت لێ وەردەگرن، لەبەر ئەوەی بە باشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەیت.

## ئایا دەزانیت؟



چەند خاڵێك سەبارەت بە مرۆڤ کە ڕۆژانە لەبەرچاوان، بەڵام هەستیان پێ ناکرێت.

١ـ دڵی مرۆڤ ڕۆژانە ١٠١٠٠٠ جار لێدەدات.

٢ـ مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەی ١ دەقیقە هەناسەی خۆی رابگرێت.

٣ـ مرۆڤ بەلەدەستدانی تەنیا یەك لەسەدی ئاوی لەشی هەست بە توونییەتی دەکات.

٤ـ پیاوان ڕۆژی ٤٠ تاڵ و ژنانیش ڕۆژی ٧٠ تاڵ لەقژیان دەوەرێ.

٥ـ مرۆڤ ڕۆژانە ١٥٠٠٠ جار چاو دادەخات.

٦ـ ژنان دوو ئەوەندەی پیاوان چاویان دەترۆکێنن.

٧ـ نینۆکی دەست چوار ئەوەندە خێراتر لەنینۆکی پێ زووتر دێتە دەر.

٨ـ مرۆڤ لەساڵێکدا زیاتر لە ١٠ ملیۆن جار چاو دادەخات.

٩ـ خواردنی سێوێك لەبەیانیدا زیاتر لە لیوانێك قاوە خەو دەزڕێنێت.

١٠ـ خێرایی ئەو تفەی کە لەکاتی پژمیندا لەدەم دێتە دەرەوە ١٢٠ کیلۆمەترە لەسەعاتێکدا.

١١ـ ئاسەواری لێو و زمانی هەر کەسێك، وەك ئاسەواری پەنجەی وایە.

١٢ـ مرۆڤ ناتوانێت بەڕاگرتنی هەناسەی خۆی بکوژێت.

١٣ـ کاتێك کە بە توندی دەپژمن لەوانەیە پەراسیوویەکتان بشکێت، بەڵام ئەگەر پژمەکەتان رابگرن، لەوانەیە ڕەگێکی خوێنتان لەسەر یاخود ملتان بپچڕێت و بمرن.

## بیست وچوارەمین ساڵرۆژی مانگنامەی تێکۆشان




لە مێژوی جوڵانەوەی رزگاریخوازی و ئازادیخوازی گەلی کورد و گەلانی ئێراندا راگەیاندن و رۆژنامە و بڵاو کراوەکان، دەورێکی بەرچاویان بینیوە. بەتایبەت لەو سەردەمانەدا کە جوڵانەوەی ئازادیخوازانە خاوەنی رادیۆ و تلویزیون و هۆکانی دیکەی راگەیاندن نەبوو، رۆژنامە و پەرتوك کاریگەری و جێگەی دیاریان هەبوو کە تا ئێستاش ئاسەواری چالاکی بڵاوکراوەکان لە جوڵانەوەی گەلی کورددا دیارە.

بڵاوکراوەی تێکۆشان، یەکێك لە بڵاوکراوە کوردیەکان بوو کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە شۆرشی ئازادیخوازی گەلی کوردستان لە ماوەی ٢٤ ساڵ تەمەنی دا، بەو پەڕی توانا و هەوڵی بێ ووچان لە خزمەت جوڵانەوەی کورد و باری رۆشنبیری و زانیاری و ئەدەبی و هەواڵدەریەکانی دا بووە بە پێی توانا و هەل و مەرج، ئەرکی پیرۆزی خۆی بە جێ گەیاندوە.

لەو سەردەمەدا کە تێکۆشان هاتە مەیدانی کاری رۆژنامەگەری و بڵاوکراوەی کوردی، هەل و مەرجەکان حەستەم و نالە بار بوون، شار و دێ کانی کوردستان کەوتبووە ژێر هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێمی خوێن رێژی ئاخوندیەوە. لە هەمانکاتیشدا کەل و پەل و پێداویستیەکانی چاپ کردن زۆر سەرەتایی بوون، بەو حاڵەش بەرێوەبەرانی سازمان و بڵاوکراوەی تێکۆشان و بەشی راگەیاندنی سازمان، بە لە خۆبوردویی و دڵسۆزی کەم وێنە، توانیان لە هەل و مەرجە سەختەکان و کۆچە یەك لە دوا یەکەکانی بنکەکانی سازمان، بە پێی توانا تێکۆشان بە چاپ بگەێنن و بیگەیێنن دەستی خوێنەرانی. جێگەی سەرنجە کە تێکۆشان وەك بڵاکراوەییێکی نەتەوەیی و کوردستانی لەگەڵ ئەوەی دەربڕی بیروبۆچوون و سیاسەتەکانی سازمانی خەبات بوە، لە هەمانکاتدا بە شێوەییێکی ئازادانە لە خزمەت کورد و باری رۆشنبیری دا بوە. دیارە وەك چۆن سازمانی خەبات لە مێژووی خەبات و کۆڵنەدانی لە ماوەی ٢٩ ساڵ تەمەنی تووشی دەیان کۆسپ و تەگەرە بۆتەوە، بەشی راگەیاندنی سازمانیش، دەیان کێشەی هاتۆتە رێ و هەروەها کادری بەرێوەبەری و نووسەرانی تێکۆشانیش، بێ گیروگرفت نەبوون و تووشی کەند و کۆسپی زۆر هاتوون. بەڵێ ئەمرۆ یادی ٢٤مین ساڵرۆژی هاتنە مەیدانی تێکۆشان، ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات، بەرز ڕادەگرین کە لە دەوری دووهەمی دا ١٣٣ ژمارەی لێ چاپ کراوە و، لە ڕابردووشدا، زیاتر لە ٩٠ ژمارەی لێ چاپ کراوە. هەر چەندە بە پێی ساڵ و تەمەنی تێکۆشان دەبوو، ژمارەکانی زیاتر بوونایە، بەڵام وەك پێشتر گوتمان، هەل و مەرجە حەستەم و نالەبارەکان، هێندێك جار رێگر بوون لە بەردەم، چاپ کردن و بڵاو بوونەوەی دا. جێگەی خۆیەتی لە یادی ٢٤ مین ساڵی تێکۆشان درود و پیرۆزبایی گەرم بنێرین بۆ ئەو نووسەر و روناکبیرانەی کە لە ریزەکانی سازمانی خەبات دا هەر کام بە پێی توانا و ماوەی کارکردنیان، خزمەتیان بە باری رۆشنبیری کورد و چاپ کردنی تێکۆشان کردوە. هەروەها پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەران و کادرەکانی ئێستای تێکۆشان دەکەین، کە توانای خۆیان خستۆتە کار بۆ نووسین و چاپ کردنی تێکۆشان. هەر بەم بۆنەشەوە لەگەڵ پیرۆزبایی ساڵرۆژی دەرچوونی تێکۆشان، پیرۆزبایی گەرم بە دەستەی بەرێوەبەری تێکۆشان پێش کەش دەکەین بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری. هیوادارین ساڵی نوێ ساڵی ئازادی و رزگاری و ساڵی رووخانی رژێمی ملهوڕی ئاخوندی بێ.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارە و دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لە تێکڕای کادر و پێشمەرگەکانی سازمان و خوێنەرانی تێکۆشان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری



## ٢٩ی خاکەلێوە، یادی ئاوابوونی ئەستێرەی ئاسمانی شێعری کوردی، ماموستا هێمن

ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ دڵە گەورەکەی مامۆستا هێمن لە لێدان کەوت. بە ئاوا بوونی ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری کوردەواری سەیید محەممەد ئەمین شێخ الئیسلامی ناسراو بە هێمن کەلەبەرێکی گەورەو قەرەبوو نەکراوە کەوتە دنیای شێعر و ئەدەبی کوردەوە.

مامۆستا هێمن کە هەموو ژیانی بۆ خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگی کورد و کوردستان تەرخان کرد لە ژیانی خۆیدا گەلێك ناسۆر و تاڵی و ناخۆشی بینی. لەگەڵ هەموو کۆسپەکانی سەر رێگەی ژیانی، لە خزمەت بە شێعر و فلکۆری کورد غافڵ نەبوو بەڵکوو چەندین کتێبی شێعر و پەخشان و وەرگێردراوی بە کتێب خانەی کورد زیاد کرد و ماوەییێکی زۆری تەمەنی لە خزمەت بە جووڵانەوە ئازادیخوای گەلی کورد تەرخان کرد بوو.

یادی ئەو کەڵە پیاوەی کورد بەرز و بەرێز بێ و نمونەی زۆر بێ.

## ووتەی بەنرخ

چاکە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ و خراپە بەسەریدا زاڵ نابێ. (تولستۆی)

تێکۆشان هێز دەخولقێنێ، نەك دانیشتن. (ستاهل)

هاورێی تۆ کەسێکە هەر کاتێ قسەی حەقت لێ ببیستێ، تورە نەبێ. (فیساغورس)

باشترین شێوەی ژیان ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوا بە خۆبوونی هەبێ و لەرێگای هەوڵ و کۆششی خۆی بگاتە پلە و پایەی شیاو. (میکلانژ)

**((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))**

**دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە**

**دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،**

**یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە**

**زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە.**

**دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.**

## بڕوخێ ڕژێمی ئاخوندیی ئێران